# هەنارێکی تر



## ئاری عەبدوللەتیف

نیشتیمانی خۆمم نەویست

چونکە نەیتوانی ئاسوودەم بکات

نەیتوانی بەرەی شڕی فڕێدراوی دیوەخانێکم بۆ ڕاخات

نەیتوانی بۆم بسەلمێنێ

ژیان هیچ نییە جگە لە ژیان

نەمویست .. نیشتیمانێکی ترم دۆزیوەتەوە

چونکە نیشتیمانەکەی خۆم

لە تەمی هەمیشەی ڕابردوویدا

کردبومی بە کۆلارەی دەست سیاسەتێکی منالآنە

ڕۆژێ هەناسەیەکی وەك خۆی پێ نەبەخشیم

نەیکردم بە ئینسان

ئەوەندە شەمزای کردم

وەخت بوو جارێکیان ژیان لە تەنەکەیەکی خۆڵدا کۆکەمەوە

وەخت بوو جارێکیان ژیان بە بەردەتەقانێ بخەمە خوار

نیشتیمانی دیکەم دۆزیوەتەوە

لە قوتوی شیری سەر جادەکان ناچێ

لە بۆنی دەمی سیاسەت ناچێ

لە عارەقەی بن هەنگڵی چەك ناچێ

نیشتیمانی خۆم جارێکیان کوشتمی و

کەناسێ بە گۆرانییەوە لەسەر تۆزی شەقامەکان ماشیمییەوە

جارێکیان سەر و کەلەی پڕکردم لە خوێن

جارێکیان شێتی کردم

دوعایەك لە كوچەیەكی بازاڕا هەڵی گرتمەوە و

بە تفی خۆی چاكی كردمەوە

نیشتیمانی خۆمم ناوێ

ئەو هەموو جارێ ڕایئەكرد بە شوێنما و بۆ جەللادێ ئەیگرتم و

هەر خۆی سێدارەكەی بۆ ڕائەخستم و بە ناوی خەڵكەوە

لە سێدارەی ئەدام

جارێكیان بردمی بۆ سەر سنوور و لە تامی بارە كەرێكدا

جێی هێشتم

ڕۆژێكیان لە پاڵ ئاشوبی شارێكدا بەستمیەوە

جارێكیان بە سزای سوتان مەحكومی كردم

نیشتیمانی خۆم

ئاوێنە بوو بەڵام هەرگیز دەری نەئەخستم

هەموو شەوێ ئەهاتە خەوم و شیلانشەقی لەگەڵدا ئەكردم

دەبوایە هەر ئەویش بیبردایەتەوە

بە شەق دەهات بە ڕۆحما

نەخۆشی ئەخستم ئەیبردمە خەستەخانە

بێ دەرزی بەنجی ئەكردم بێ بەنج عەمەلیاتی ئەكردم

بێ گریان پرسەی بۆ دائەنام

بێ شۆردن ئەیخستمە تابووت

بێ تابووت بە شوێن سەیارەدا ڕایئەكێشتم

سەیارەكان هیچیان ئینسانی تێدا نەبوو

سەیارەكان ڕێی شەهیدانیان نەئەزانی

بە كوێری ئەڕۆشتن

هەموو حاوییەیەك وێستگەی ئەوان بوو

ئاخر نیشتیمانی ترم دۆزیوەتەوە

خوێنی لە خوێنی ژیان خۆی ئەچێ

هەرگیز زەمی هاووڵاتییەكانی خۆی نەكردووە

هاووڵاتییەکانی بە یەکسانی ئەژین وەکو یەك هەناسە ئەدەن

وەکو یەك خانوویان هەیە

وەکو یەك دەبینن وەکو یەك دەبیستن

نیشتیمانی ئێستەم خاڵییە لە سیاسەت

ئاخر سیاسەت کە دێ هەموو کوچەکان پڕ دەکات لە تاعوون

کە دێ هەر خۆی نییە قۆڵی کردووە بە قۆڵی جەهەننمدا و

بۆ بەختەوەری ئینسانەکانی ئەگەڕێ

بیان ماشێتەوە و زوخاو بکاتە زاکیرەیانەوە

هەنار نیشتیمانی منە ئێستا

هەنار.. ماچێکی هەنار

سەد باوەشی درۆینەی نیشتیمانی ڕابردوو ئەهێنێ

هەنار ماوەیەك شێت بوو

ماوەیەك دەمێ ترش بوو دەمێ شیرین

دەمێ سپی بوو دەمێ سوور !

ئەویش ڕۆژێ بوو نیشتیمان بانگی کرد و بەزۆر

هێنایە ناو سەبەتەی بەردەم سەرۆکێك و

ئەویش پێی وت :

ترشبە ئەی هەنار

شیرینبە ئەی کۆیلە

سووربە ئەی عەبد

سپیبە ئەی کەوشە

هەنار لە حەیبەتا لەو ڕۆژەوە دەرگا ناکاتەوە

لەو ساتەوە پەنجەرەکانی نیشتیمانی خۆی داخستووە

ناشیەڵێ ئەندامانی خێزانەکەی بێنە دەر

لەو ڕۆژەوە نایەنە دەر

بە پەتووی مۆسیقا خۆیان داپۆشیوە

مەگەر جارەجارە گوێیان لە نرکەی بارانێك بێ کەشەهید دەبێ

به دایكیان بڵێن :

دایە تامەزرۆین بە باران

تامەزرۆین بە مردن لەژێر بەهەشتی تەڕبووندا

دایە كەرەمكە جۆلانێی سەوزە گیامان بۆ سازكە

با تۆزێ بمرین بە ژیانی ڕژاوی بارانەوە

بمرین بە ئیحساسی گەڵاوە

ئاخر هەناریش وەك بارانە چارەنووسی

هەردووكیان لەسەر قاموونی مردن ئەژین

ئەوان لەگەڵ لەدایك بوونیاندا ئەمرن

ئەوەنییە كە باران لە ئامێزی هەوری دایكییەوە دێتەخوار

یەعنی لە دایك ئەبێ

كە لە دایكیش ئەبێ

یەعنی ئەمرێ

ئێ هەناریش كە دەرگاكەیان دەكرێتەوە

كە لێویان دەرئەكەوێ

یەعنی بار ئەكەن بۆ ماڵی نەشمیلی مردن

یەعنی سەفەر دەكەن

ئەو نیشتیمانەم هەیە كە سەفەرم پێ ئەكات

سەفەر بۆ ناوەوەی ڕۆح و

گەشتنە یەقینی وجوودێكی ئینسانیی

من دەبمە دنكە هەنارێكی عەجوول

تەنیا من عەجوول دەبم تێیاندا

ترسیشم هەیە نەتوانم هاووڵاتییەكی باش بم

یان ڕۆژێ خیانەت لە كۆڵانە سپییەكانی بكەم و

چاوم لە بەرامبەر دنكە خانمێكی لێو سووردا

شەیتانیی بكات

وەرزی ئێمە پایزە

**سەروەختی توانەوە لەسەر بەرماڵی تەنیایی**

**چونەوە ناو یادگارییەکانی گەڵا**

**هەڵوەرین بەسەر چڵی وەفاوە**

**پایز ..**

**هی ئێمەیە**

**هەموو جارێ دێتە لامان و پێمان دەڵێ :**

**هاوڕێیان**

**ژیان بۆنی لاملی گەڵایەکی سەروملی ڕووتە**

**بە تەنیشت ئیحساسی دڵێکەوە**

**خۆ ژیان هەر ئەوەیە کە لەدایك ئەبیت و  بمریت**

**سەرفرازیی لە زوو مردندایە**

**مردن هی ئێمەیە لەکەس ناچێ**

**هی کەسیش نییە**

**مردن حەیفە هی هەموو کەسێ بێ**

**شۆڕشە بە بەرچاوی جەللادەوە**

**ڕزگاربوونی ڕۆحە لە چاڵی مابووسخانەی زەمینی خوێندا**

**من و هەنار و باران لەیەك ئەچین**

**پایز دەنگی سازی لایلایەمانە ، بێشکەمانە**

**هەر خۆشی لەناو باوەشی هەڵوەرینێکی خانوماندا**

**پیتەکانی مردنمان پێ لەبەر ئەکات**

**هەر خۆشی مامۆستایە**

**کە لێ ئەبینەوە پێمان دەڵێ : ئافەرییین .. دە لە دە !**

**هەر خۆشی لە دوا وەختی تەجەللای ئێمەدا**

**خۆی ئەنووسێتەوە و پێدەکەنێ و**

**گۆرانیی : پایز پایز ئەڵێ ..!**

**ئێمەش بەدوایدا تریقە لێئەدەین ئەدەین لە قاقای نیانی تامەزرۆیی**

**ئیتر من نامۆم بە تۆ ئەی نیشتیمانی خوێنی ڕاستەقینەی ڕژاو**

بڕوانە کێ گەورە ئەکەیت و کێ لە پێستی خۆیدا

وەك خەرەندی هەزار ساڵ تەنیایی وشك ئەکەیتەوە

هەموو ڕۆژێ لای تۆ خوێنی لوتی ژیان بەرئەبێ

کوشتووتە .. نەزیفت بە عەقلەکانی کردووە

بۆیە نەتتوانی قسەیەکی میهرەبان بیت

نەتتوانی ماڵێ بیت بۆ ئارەزووەکانی من

منیش چیتر نەمتوانی قسەیەکی میهرەبان بم بۆت

نەمتوانی شیعرێکی سیخوڕ بم و لە پەرداغێ شەرابدا بتخۆمەوە

وەك شیعرە ناشرینەکانی دەرباری دیوەخانت ...!

کەواتە من

هەنارێکی ترم

هەنارێکی ترم هەیە

هەرگیز نابمە هەنارێکی دەستەمۆ بۆت

هەرگیز نایەڵم لە دەفری داوڵێنێکیشدا

بە کەوچك و خوێی بیردۆزەکانی خۆتەوە

بمکەیتە یاری ماڵە باجێنەی

سەر مێزت سەر ئارەزووی هێزت ..